www.kurdistannet.org
3-4-2003 23:56

# هەمانەی درۆ

## ئەحمەد دەشتی

ئەو سەردەمانە وەرزی هاوینێکی پڕ لە هیواو ئاواتی ڕزگاری بوو، ڕۆژانی بوو کە هەموو چاوی ئارەزوو و ئاواتمان بڕیبوە ڕۆژانی ڕزگاری و سەر بەخۆیی کوردو کوردستان، زۆر بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی دواڕۆژێکی پڕ لە کامەرانی و بەختەوەری و ئازادی گەلی کوردمان دەکرد، بە دلێکی پڕ لە ئارەزوو و ورەی بەرز و هەستی پاك و پیرۆزی کوردایەتیەوە پێشمەرگەی کوردوکوردستان بووین، هەمو هەول و خەباتێکمان شەوو ڕۆژ لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی کوردستان واتە شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو، لە گەل ئەو هەموو درندەیی و پەلامارو هێرشانەی کە دوژمنان دەیان کردە سەر خاکی ڕەنگینی کوردستان ئەوەی کە ترس و بیم بوو لە ناو هەست و دەروونمان دا جێگەی نەدەبۆوە، هەرگیز ئەو پەلامار دان و جنایەتانەی کە دوژمنان ئەنجامیان دەدا بە قەد تۆسقالێکیش کاری نە دەکردە سەر هەست و بیری کوردایەتیمان، ئەو ڕژێمە دکتاتۆر و فاشیانەی بەغدا هەرچەند کە دەستیان بۆ کاری دڕندانە دەبردو هەرگیز درێغیان لە مرۆ کوژی و وێرانی و سوتاندنی کوردستان نەدەکرد ئەوا ورەی پێشمەرگەی کوردستان بەرز تر دەبۆوە.

لە مێژ نەبوو کەدەنگی کوردستان دامەزرابوو واتەلە ۲۹. ۳. ۱۹٦۳ دا کەبۆ یەکەمجار دەنگی زولالی کوردستان لە ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگەو شۆڕش لە دایك بوو، ئەو دەنگە زولال و ڕەسەنە کوردیە لە ئاسۆی بەرزی کوردەواری دا بۆ یەکەمجار دەنگی دایەوەو هەموو کوردێکی دلسۆزو نیشتمانپەروەر زۆر بە حەسرەتەوە بوو کە ماوەی سعاتێکی خۆی بۆ وەرگرتنی ئەو دەنگە زولالە بباتە سەرو گوێی لێ ببێتن، کە ئێزگەی دەنگی کوردستان دامەزرا دلمان هەتا بلێی پێ شادو پڕ لەخۆشی بووبوو، دەبێ ئەوەش بلێم کەبە داخەوە هەرچەند دەنگی کوردستانی عیراق لەو سەردەمانەدا گەلێ کز بوو، لە بەر دەنگ نەڕۆیشتنن زۆر جاران بە دەنگی کوردستان دەگوترا پێکی ماوەتان، ئەوەش بە هۆی ئەو جیهازە دوسەد کێلۆ واتیەوەبوو کە بە هەزار ناری عەلی وەدەست شۆڕشی مەزنی ئەیلول کەوتبوو، کۆمەلێ لە ڕۆشەنبیران و دلسۆزان و پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردایەتی بە هەست و بیرێکی پتەوو پاك و دلسۆزانەوە لە بەشی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە ئێزگە و چاپخانەی خەبات لەو ئەشکەوتە دا کارمان دەکرد، لە مێژ نەبوو کە دەنگی کوردستانی عیراقیش لە ئەشکەوتە ڕەشەی قەد پالی کێوی گردە ڕەشەوە دامەزرا بوو، کە پێشتر چاپخانەی خەبات لەوێ بوو، ئەو شوێنە بە تایبەتی بۆ ئێزگە و چاپخانەی خەبات لە لایەن شۆڕشەوە ئامادە کرا بوو، ئەشکەوتە ڕەشە کە ئەشکەوتێکی قوول ولە قەد پالی چیای گردەڕەشەیەو دەکەوێتەناوچەی ماوەتان، نەزیك ئاوایی سەفرەو زەروونەو لە سەر ڕوباری قەشانەوە و دەڕوانێتە گوندی ژاژەلەو عیساوەوئاوە کورتێ و سورەبان و کێوەڕشەکە ئەشکەوەتە ڕەشە لەلای ڕۆژ ئاوای ئەو شوێنانەو گوندانەیە کە ناوم هێنان، ئەو ئەشکەوتە دوو دەرگای هەیە کە دەگا سەرەکیەکەی دەکەوێتە ڕۆژ هەلاتەوەو دەرگای تری دەکەوێتە لای باکوری ڕۆژهەلاتیەوە، ئەوکاتانە چاپخانەی خەبات کە بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی کاری دەکرد، لەو ئەشکەوتەدا پێش دەنگی کوردستان لەوێ دامەزرابوو، ڕۆژنامەی خەبات و بلاو کراوەکانی تری لێ چاپ دەکرا، کە ژووری چاپخانەکە لە لای بنەبانی ئەشکەوتەکە واتە لە لای دەرگای پشتەوەی ئەو ئەشکەوتەوەبوو شوێنی چاپخانەکە زۆر بچوك بوو، لە ژوورێکی بچکۆلانەو هەمیشە بە ڕۆناکی چەند چرایەکی لۆکسەوە ڕوناك دەکرایەوە، دەزگا پیتەکان و دەزگای چاپەکە لەو ژوورە بوون و مەقەسێکی کاغەز بڕیش لە بەر دەرگای ژوورەکە داندرابوو، چەند دەزگایەکی تر وەك چاپخانەیەکی بچکۆلانەترو دەزگای مۆر دروست کردن و هەندێ کەل و پەلی تری چاپخانە لەوێ هەبوون، ئەو چاپخانەیەی کە خەباتمان پێ چاپ دەکرد بە شێوەیەی ڕۆلێك لە سەر ئەو پلێتانەوە دروست کرابوو هەتا بلێی سەرەتایی بوو، کە بە دوو نەفەر کاغەزەکە یەك بە یەك لە دەوری ڕۆلەکە وەردەهێندراو بە سەر پیتەکان دا دەڕۆیشت و چاپ دەبوو، هەرچەند زۆر سەرەتایی بوو بەلام کاری چاپ کردنی ڕۆژنامەی خەبات و کارەکانی تر زۆر بە ئاسانی بەڕێوە دەچوو، تەواوی کارو بارەکانمان بەو دەزگایە ئەنجا دەداو گرفتێکی وامان نەبوو کە لە سەری ماتەل بباین، ڕۆژنامەی خەبات و بلاو کراوەکانی سیاسی و سەربازی و هەموو پێویستیەکانی چاپ کردن لەو چاپخانەوە چاپ دەکران هەڤالانی دلسۆز و ماندوو نەناس لەو چاپخانە کاریان دەکردو زۆر بە ڕێك و پێکی کارو بارەکان بە ڕێوە دەچوون.

لە ناوەندی ئەشکەوتەکەشدا چەند ژوورێکی تایبەت بۆ دەزگای ئێزگەکەو ئەرشیف و ستۆدیۆی ئێزگەکە بە فایبەر دروست کرابوون ئەگەر کارەباکەمان کاری نەکردبایە ئەوا لە بەر تاریکی چاو چاوی نەدەدیت، کارەباش هەر ئەو دەمانە پێ دەکرا کە کارو باری ئێزگە بە ڕێوە دەچوو، لە لای پێشەوەی ئەشکەوتەکەشەوە گەلێ سندوق چای سیلان لە سەر یەك هەلواسرابوون، کە تا بەری بانی ئەشکەوتەکەی بە

خۆیەوە گرتبوو، ئەو سندوق چایانە هی مەکتەبی سیاسی بوون، لەوێ بۆ کاتی پێویست عەمبار کرابوون، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئێزگەوە جگە لە بەرنامەکانی تر وەك دەنگ و باس و وتارو کاروانی شەهیدان و پۆستەی گوێگرەکان وسروود و بەرنامەیەکی ترمان بە ناوی (هەمانەی درۆ) و بەشی عارەبی هەبوو کە ئەو بەرنامانەش هەریەکە لەلای هەڤاڵێکەوە ئامادە دەکراو بەڕێوە دەچوون، بەرنامەی هەمانەی درۆ نەمر حوسێن قەرەداغی پێشکەشی دەکرد، حوسێن قەرەداغی کە مرۆیەکی تا بڵێی قسە خۆش و نکتەچی و خۆشەویست بوو، هەر قسەیەکی کە دەکرد دڵی هەڤاڵانی شاد دەکردو بە نکتە دەیگێڕایەوە، ئێمە هەموومان ئەو پەڕی ڕێزمان لێ دەناو زۆرمان خۆش دەویست، نەمر حوسێن قەرەداغی نەخۆشی شەکرەی هەبوو، کەمێ قەڵەو و تێك چەقی بوو، هەمیشە نانی ڕەشی کە لە جۆ بۆ دروست دەکرا دەیخوارد، ئاخر دکتۆرەکان نانی سپیان لێ قەدەغە کردبوو، خۆخواردنی ئەو ڕۆژگارانەش هەموومان واتە زۆربەی جەمەکانمان خواردنێك بوو کە ناومان لێ نابوو (ڕفوف العالیە) ئەو خواردنە هەرچەند ناوەکەی گەورە بوو بەلام ناوەرۆکەکەی تەنیا کولێرەو چای گەرم بوو، ئەو دەمانەش چامان لە ناو کوپەیەکی فافۆن دەخواردەوە کە هەمیشەکوپە چاکەمان ئەوەندە داغ دەبوو کە تا کەمێ سارد نەبووبایەوە نەمان دەتوانی دەم لە چایەکە بدەین، ئەو ڕۆژگارانە ژیانی پێشمەرگایەتی بە ڕاستی پڕ لە شادی و خۆشی و هیوای سەرکەوتن بوو، هەرچەند دوور لە دایك و براو خوشکان و شارەکانمان بووین بەلام ئەو کۆمەلە هەڤاڵانە لە گەل یەکتری ئەوەندە پاك و بێ گەرد بووین کە لە ناو ئەو ئەشکەوتەو ئەو ژیانە سەرەتاییە دلمان ئەوەندە شاد بوو کە بەوپەڕی ئازادی و سەربەستی دەژیاین و هەموو هەست و بیر و هۆشێکیشمان تەنیا لە ڕێگەی خزمەت بە ئامانجە پیرۆزەکانمان بوو، لەو سەردەمانەی کە دەنگی کوردستانی عێراق هات و دامەزرا و دەست بە کار بووین ئەوەندە دلشاد بووبوین وامان دەزانی کە تازە لە دایك بووین، شەوو ڕۆژ لە کار کردن و هەول و خەبات بۆ پێشخستن و پتەو تر کردنی دەنگی زولالی کوردستان ئەنتێنای تازەو گۆڕینی ئەنتێناکان و تاقی کردنەوەکان هەرگیز نە دەسرەوتین و قەتیش بۆ ئەو خزمەتە نەمان دەزانی کە ماندوو بوون چیە، ئەو سەردەمانە شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەتا بڵێی شادو پیرۆز بوو، هەموو ئەوانەی کە شەرەفی پێشمەرگایەتیان وەردەگرت هەمیشە شایی بە خۆوە بووین و شانازیمان بەوە دەکرد کە لە ڕێگەی ڕزگاری گەل و کوردستانی ئازیزمان پێشمەرگەین ولەریزی خەبات و تێکۆشان دا بەوپەڕی هێزو توانامانەوە بۆ سەرکەوتنی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕش تێ دەکۆشاین و هیچ هەستێکی دووبەرەکێ و ئەملاو ئەولای دژ بە یەکتری لە ئارا دا نەبوو.

ماموەستا نووری ئەحمەد تەها کە خەباتگێڕێکی دیرین و قسە خۆش و پڕ لە نکتەو ڕەفتار شیرین بوو، زۆر جاران لە گەل کاك نوری شاوەیس دەهاتنە لامان و شەوانەش لامان دەمانەوە، کاك نوری ئەحمەد تەها کە یەکێ بوو کاتی خۆشی بەشداری لە کۆمارە ساواکەی مەهاباد کردبوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، ئەویش تا بڵێی قسە خۆش و نکتەچی بوو، شەوێکیان ئەو بەڕێزە هاتەلامان وشەو لەوێ مایەوە، کاتی بەرنامەکانی ئێزگە هات و ئێمەش وەك هەمیشە لە یەك کۆ دەبووینەوەو بە تایبەتی لە گەل کاك حوسێن قەرەداخی و هۆمەری دزەیی و شەهیدی نەمر عەبدوالخالیق مارف و تەواوی هەڤالان تەنیا ئەو هەڤالانەی کە نۆرەیان بوو کە لە ئێزگە بن ئامادە نەدەبوون، هەمیشە گوێمان لەبەرنامەکانی ئێزگە بە تایبەتی هەوالەکان و بەر نامەی هەمانەی درۆ دەگرت، کاك حوسێن قەرەداغیش هەروەك هەمیشە ڕادیۆکەی لە لای خۆی دەداناو کەکاتی هاتنی نۆرەی بەرنامەی هەمانەی درۆ دەهات ئیتر هەموومان دەپچڕاین کە ئەوەندە بە قسەکانی کاك حوسێن قەرەداغی لەو بەرنامەیەدا پێ دەکەنین و دلمان شاد دەبوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی کەکاك حوسێن دیسان قسەکانی خۆی بۆشێ دەکردینەوە، ئەو بەرنامەیەی هەمانەی درۆ هەروەك گوتم کاك حوسێن بۆ خۆی دەینوسی و گەلێ بەهارات و شتی بە تام و بۆی پێ وەر دەکردو بەرنامەیەکی هەتا بڵێی خەندەدارو دل خۆشکەرە بوو، ئەو بەرنامەیە بریتی بوو لە سپی کردنەوەی درۆ زل و زەبەللاحەکانی ڕژێمی ئێراق کەدژ بە شۆڕشی کوردو کوردستان لە ڕادیۆ شرەکەی بەغدا شاهین تالەبانی ناوێك و هەندێکی تر لەو ڕادیۆیەی بکوردی بغداوە دەیان کرد، نەمر حوسێن قەردەاغی بەرنامەی هەمانەی درۆی لە سەر بەرنامەکانی درۆکانی ڕژێمی ئێراقی دەینوسی و بە خۆی ئەو بەرنامەیەی دەخوێندەوە، ئەوشەوە کە کاك نووری ئەحمەد تەهاش لامان بوو، هەر یەك لە ئێمە کوپە چایەکی داغ مان لە بەر دەما بوو گوێمان لە قسە خۆشەکانی حوسێن قەرەداغی گرتبوو کاك نوری ئەحمەد تەها گوتی: کاك حوسێن تۆ چۆن ئەو ناوەت دۆزیوەتەوە و ناوت لە بەرنامەکەت ناوە هەمانەی درۆ؟ کاك حوسێن قەرەداغی گوتی: ئەی خۆ ناوی نانێم (جەوالی درۆ) ئیتر بەم قسەیەش تێرو پڕ پێ کەنین، کاك نوری ئەحمەد تەهاش کە ناوە بە ناوە جگەرەکەی بلند دەکردو حەلقەیەك لە دوکەلی جگەرەکەی بەرز دەکردەوەو دەیگوت بڕوانن ئەم دوکەلە چۆن لە جگەرەکەوە دەردەچێت و بەرەو حەوا دەڕواتن، کاك حوسێن قەرەداغیش دەیگوت جا ئەمە چیە کاك نوری تۆ خۆت ئەوەندە پێوە خەریك دەکەی؟کاك

www.kurdistannet.org
3-4-2003 23:56

نوریش دەیگوت گرنگ ئەوەیە تۆ نایزانی کە ئەم حەلقەیە بە دوکەلی جگەرەکەت دروست بکەیت، کاك حوسێن قەرەداغییش هەرچەند جگەرەکەی بەرز دەکردەوەو دەیویست وەك ئەو بکاتن بەلام ئەو شێوە بازنەدوکەلەیە لە جگەرەکەی کاك حوسین قەرەداغی بەرز نە دەبۆوە، ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە ئەو جگەرەی لەفەی دەکێشاو ئەو لەففە جگەرەش دووکەلەکەی ئاوا دەر نەدەچوو، کاك حوسێن لێی ببو بە جدی و زۆری پێ ناخۆش دەبوو کە بەوشێوەیە ناتوانێت ئەو بازنە دوکەلە وەك کاك نوری دروست بکاتن، سا دەبووە پێکەنین و کاك حوسێن قەرەداغیش ئەوسا دەیگوت کاك نووری بەخوا تۆش ناتوانی وەك من درۆی بەعسیەکان سپی بکەیتەوە و وەك من نانی جۆ بخۆیت، ئەم قسانەشی هەر بۆ نکتەگوتن بوو، چونکە تەواوی قسەکانی کاك حوسێن قەرەداغی ئەگەر عادەتیش بایە هەر وەك نکتەی لێ دەهات.

بە ڕاستی ئێستا کەئەو هەموو درۆیە زلانەی بەعسیە فاشستەکان دەبیستم و لە سەر کەنالە عەرەبیەکان کە بلاو دەکرێتەوە دەچمەوە یادی ئەو ڕۆژگارانەی کە کاك حوسێن قەرەداغی بەرنامەی هەمانەی درۆی بلاو دەکردەوە و هەمیشە دەلێم ئەگەر ئەمرۆ بمایایەو ئەو بەر نامەی لە سەر سیماکانی کوردستان ئەمجارە بە ناوی مەشکەی درۆ پەخش بکردبایە پێم وایە بەرنامەیەکی زۆر خۆشتر و دەولەمەندتر و پڕ لە نکتەو پەندو شادتر لەو ڕۆژگارانەش دەردەچوو، چونکە درۆکانی پیاو کوژانی سالەهای سالی ڕژێمی ئێراقی ئەوەندە زۆر و زەبەللاحن کە دەتوانرێ هەموو ڕۆژێ سەدان بەرنامەی هەمانەی درۆ یان مەشکەی درۆی لێ بسازێندرێت و ڕۆژێ نیە کە سەدان درۆو بوختان شتی ناڕەوا نەلێن و هەموو ئەو جنایەتانەی کە لە ڕابوردوو بە خۆیان کردویانە بەرامبەر بە هەموو خەلکی عێراق و بە تایبەتی بەرامبەر بە خەلکی کورد لە بیریان چووەتەوەو، هەرچەند دەبێ ئەوە بزانن کە ئەم بەلایە گەورەی کە ئەمرۆ بە سەریان هاتووە کە لە مەرگی هەموو ئەو جنایەتکارانەوە زیاتر شتێکی تر نیە ئەوەش ڕەنگ دانەوەی ئەو هەموو زولم و زۆر داریەیە کە ئەوان بە سەر گەلی عێراق و کوردستانیان هێناوە، دەبێ ئەوە بزانن کە زۆرداران و جنایەتکاران هەرچەند زۆریان هەبێتن ڕۆژێ هەر دێتن کە ئاو بە سزای خۆیان بگەن، وەك دەلێن ئەگەر فیل هەبێتن کەرکەدەنیش هەیە.

هەزران سلاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو هەڤال و یار و دۆست و نەمرانەی کە لە ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردو کوردستان دا گیانیان بەخشی و بوون بە قوربانی نیشتمانی خۆیان و ناوی مەزنیان بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد وەك ئەستێرە بەرزەکانی ئاسۆی بلندی کوردەواری هەمیشە گەشاوەیەو لە ناو دل و دەروونی گەلی کورد قەت نامرن و بۆ هەتا هەتایە سەری نەوازش و ڕێزیان بۆ دادەوێندرێتن.

تەمەنی هەموو ئەوانەش کە ماون و لە هەر شوێنێ بن چە لە ناو خاکی شیرین و ڕەنگینی کوردستانی ئازیزەکەمان یان لە دەربەدەری و ئاوارەیی و دووری خاکی کوردستان ژیان بەرنە سەر هیوای هەمیشە سەرکەوتن وتەمەنی درێژتریان بۆ دەخوازم وبە ئاواتەوەم کە هەمیشە هەر لەش ساغ و سەلامەت و دوورە پەژارە بن و بەم زوانەش کوردستانی ئازیزمان شادو ڕزگارو سەربەخۆ بێت و گەلی کورد لە سایەی ئازادی و ڕزگاری دا ئاسودەو ئارام و شادو خەندان بێتن و هەموو ئاوارەکانیش بە خاکی شیرین و ڕەنگینی کوردستانی خۆمان شاد ببینەوەو ئەو دکتاتۆرو ملهوڕو فاشیانەی کەوا ئەمرۆ مەرگ قوڕگی گرتوون و زۆریان نەماوە کە تەفرو تونا بن بە زووترین کات لە ناو بچن و کوردستانێکی ئازادو ڕزگارو سەر بخۆمان بۆ وەدی بێتن و هەزاران نەفرین بۆ ڕووی داگیرکەر و دڕندە مرۆ کوژەکانیش بە ڕزگاری کوردو کوردستان بنێرین.

٢٤. ٣. ٢٠٠٣ بەرلین

*

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**